دی ئێن ئۆ ئینتەرناشناڵ ئەی ئێس ئەی

بۆ: وەزارەتی سامانە سروشتیەکان
حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئاگاداری: بەڕێز د. ئاشتی هەورامی
وەزیری سامانە سروشتیەکان

2009/10/5

ئاماژە بۆ ڕووداوەکانی ئەم دواییە کە بەهۆی ناکۆکی نێوان کۆمپانیای DNO و بۆرسەی ئۆسلۆ ڕوویاندا، دەمانەوێ داوای لێبوردن بکەین بە هۆی ئەو هەموو ڕاگەیاندنە نێگەتیڤە نەویستراوو بێ هۆیە کە لە بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عیراق و حکومەتەکەی سەری هەڵدا.

کۆمپانیای DNO کاری زۆری کردووە لە پێناو کەمکردنەوەی کاریگەری نێگەتیڤی ئەو بارودۆخە نەویستراوەی کە دووچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆوە و حەزدەکەین دەستخۆشی لە گەورە ڕاوێژکاری سەرۆك وەزیران، د. خالد صالح، بکەین بۆ هەوڵەکانی لەم ڕووەوە لە میانی سەردانی ئەم دواییە و مانەوەی لە نەرویج. پێمان وایە کە وێڕای ئەو پڕوپاگەندە نێگەتیڤەی کە بەهۆی چەند لێکدانەوەیەك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بلاّوکرانەوە، هەوڵەکانی د.خالد صالح لە نەرویج بۆ ڕای گشتی نەرویجی ئەو ڕاستیەی ڕوون کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کاتێك هیچ هەڵەیەکی نەکردوە.

هەروەها پێزانینمان دەردەبڕین بۆ ئاکامی گفتوگۆکانی د.خالد صالح لەگەڵ بۆرسەی ئۆسلۆ. لەو کۆبونەوەیەدا بۆرسەی ئۆسلۆ دووپاتی کردەوە کە بۆرسە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە و حکومەتی هەرێم هەرگیز هیچ کاتێك بەشێك نەبووە لە هیچ لێکۆلینەوەیەکی بۆرسەی ئۆسلۆ.

سەرباری ئەوەش، لەو کۆبونەوەیەدا بۆرسەی ئۆسلۆ ڕوونی کردەوە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بۆرسە سەبارەت بە کێشەی DNO ئەنجامی دابوون، تایبەت بوون بە ئەرکەکانی کۆمپانیای DNO بەرامبەر بە بۆرسەی ئۆسلۆ و بازاڕ. ئەوندەی پەیوەندی بە بۆرسەی ئۆسلۆ وە هەبێت ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێهات بە لە ڕۆژی 2009/9/17 بە ڕاگەیاندنی بڕیاری لێژنەی پێداچوونەوەی بۆرسەی ئۆسلۆ.

سەبارەت بە داواکاریەکانی لایەنی سێیەم، کۆمپانیای DNO لێرەوە دووپاتی دەکاتەوە کە هیچ لایەنێکی تر نە مافی هەیە و نە داواکاری هیچ مافێکی هەیە بۆ بوونی هیچ بەرژەوەندیەك لە گرێبەستەکانی هاوبەشی لە بەرهەم لەلایەن DNO لە هەرێمی کوردستان.

هەروەك لە کۆبونەوەکانی ئەم دواییەماندا باسمانکرد، ئێستا هەموو کێشەکان چارەسەرکراون، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە فەرمانی هەڵپەساردنی چالاکیەکان لەسەر کۆمپانیای DNO هەڵبگرێت تا وەکو کۆمپانیاکەمان بتوانێت بە زووترین کات چالاکی ئاسایی خۆی دەسپێبکاتەوە.

ئێستا کۆمپانیای DNO بەپلەی سەرەکی کار لەسەر چالاکی فرۆشتنی ناوخۆ دەکات و ئێمە ئامادەین کە یەکسەربەرهەمی خۆمان زیاد بکەین بۆ قەوارەی زیاتر بەگوێرەی داواکاری بازاری ناوخۆ. حەزدەکەین ئاگادارتان بکەینەوە کە توانای دابینکردنمان بۆ بازاری ناوخۆ بە تانکەر لە کێڵگەی نەوتی تاوکێ دەگاتە 30,000 بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

هەروەها ئێستا دامەزراوەی تاوکێ مان تاقی کردەوە لەسەر توانای نەخشە بۆ دانراوی کێڵگە و لە رۆژێکدا 50,000 بەرمیل نەوتمان بەرهەم هێناوە بۆ ناردنە دەرەوە. هەروەك ئاگادارن چالاکی هەناردەکرنی نەوت لە رۆژی دووشەممە 2009/9/21 وە راوەستاوە.

کۆمپانیای DNO ئامادەیە بۆ دەست پێ کردنەوە بە هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان، هەرکە لە ئایندەدا میکانزمی پارەدان دامەزرا. زیادکردنی هەناردەکرنی نەوت بە هەنگاودەبێت و بەند دەبێت بە پەیڕەوکردنی رێك و پێك و چالاکی باش لە کێڵگەکانی نەوت.

لە جیاتی ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیا DNO ی نێودەوڵەتیASA،

دڵسۆزتان

بێرگ گرێدت لارسن

سەرۆکی ئەنجومەن